# ئەفسوس .. روناكبیرەكانی ڤیستڤاڵی (المدى)
# ئەفسوس.. میوانە روناكبیرەكانی وڵاتی میسر

**عومەرمحەمەد**

ماوەیەك لەمەوبەر لەلایەن رۆشنبیرانوسیاسەتمەدارانی وڵاتە ئەنفالكراوەكەمانەوە پێشوازییەكی گەرمتان لێكرا, هەڵبەت منیش وەك سەرنوسەریساڵنامەی ئەنفالستان, لەدڵەوە بەخێرهاتنتان دەكەم بۆوڵاتەكەم"ئەنفالستان" زۆر پێخۆشحاڵدەبووم ئەگەر راستەو خۆ بە دیدارتان شاد بوومایەو بەرلەوەی هیچ وێنەیەكتان لەگەڵ بگرم, یەكدووقسەی جیاوازم لەگەڵ كردبان, بەڵام ئەفسوس لەبەرئەوەی من رووی ئەوهوتێلو چێشتخانانەم پێوەنیەكەكەسانی وەك بەرێزتان لێی دادەبەزنونانی لێدەخۆن,چونكە هێشتا بۆنی پیرەمێردو پیرەژنەكانی نوگرەوسەلمانم لێدێ, لەبەرئەوە نەدەكرا شایانی داوەتكردنی میهرەجانی (المدى)بم و بە دیدارتان شادبم, نازانم گەر بتانبینمایە ئێوەش بەسەروفەساڵم شاد دەبوون یان یان دڵتەنگ. خۆزگە یەكدیمان ببینیایە, چونكە منیش بەنیازی داوەتكردنتان بووم, بەڵام داوەتی من بۆ گەشتێكی جیاواز بوو, بەتەمابووم, پێشتانكەوم بۆ دەڤەری گەرمیان,كە هێشتالێوانە لەغەدر, دەڤەرێك لەتەنیشت مەرگەوە, نەهوتیلی شیراتۆنونەهیچ پالاسێكی تێدایە, مەملەكەتێكە بووەتە مەنزلگاوهەواری مرۆڤە غەدرلێكراوەكانی شالاوی ئەنفالوهەتا ئەمرۆش مرۆڤەكانی ترسوخەموحەسرەتی(دۆزەخ)ی بیابان"نوگرەوسەلمان" بەروخساریانەوەیە, هەڵبەت لە خۆراو بێئەدەبانە كارێكی وام نەدەكرد, بەڵكو بەرلەوەی بەرێزتان تەشریف بهێننە هەولێر, من كەسوكاری ئەو هەژدە كچە پاكیزەی گەرمیانم لەهاتنتان ئاگاداركردبوو, كەسوكاری ئەوانیش بۆدیدارتان تاسوق بوون, كە ئێوە دێنە میوانداری وڵاتەكەمان بۆچركەساتێكیش بوایە چاویان پێتان بكەوێتو لەماڵەكانی خۆیاندا پێشوازیتان لێبكەن, ئێوە میوانداری گەرمیانیتان نەدیووە, ئەوان دوژمنیش بچێتە ماڵیان بەمیوانداری شەرمەزاری دەكەن, چ جای ئێوەی روناكبیرانوهونەرمەندانی وڵاتێك كە هەژدەپاكیزە, هەژدە كەیبانوی تازە پێگەیشتووی ئەوانی لایەو هەتا ئێستا بەسۆراخیانەوەن, ئەوان لە سیاسیەكانی وڵاتی ئێوە تورەن, بەڵام دۆستوئاشنای ئێوەن, گرنگ بوو چاوتان بەكەسوكاری ئەو پاكیزانە بكەوتایە كە ئەمرۆ كونسولی وڵاتەكەتان لەهەمووولاتانی خۆرئاوا بۆ دیاریكردنی چارەنوسیان, چاویان بە خۆپیشاندەرانی كورد دەكەوێت, مەبەستیش لەم نیازەی منوكەسوكاری پاكیزەكان هەرگیز ئەوە نەبوو دڵگرانو بێتاقەتتان بكەین, بەڵكو ئەوە بو لەهەوالی هەژدە مرواریەكە بپرسین, بروامان وابوو ئیدی ئێوەش بە پێنوسەكانتان, بەدیالۆگوفلچەی هونەریتان دەبنە كۆمەڵێك چاوبۆ دۆزینەوەی هەژدە مرۆڤی ئەنفالكراو هەژدە پاكیزەی بە زۆر فرۆشراو. نیازمان بوو پێتان بڵێین, بۆلەمەولا كەچوونە بارونادیەكان بەئاسایی مەچن بەڵكو بگەڕێنوبپرسن, ئەفسوس چاومان پێتان نەكەوتوئێوەش خۆتان لەئێمە گێل كرد, چایەكی كەیبانووەكانی گەرمیانتان نەخواردەوە تا لەمیسر بەتامی ئەوچایە كچە هاوشێوەكانیان بدۆزنەوە, دەزانم روناكبیرانی كورد بەهۆی سەرقاڵی میوانداری ئێوەوە, گەورەترین خەمی گەرمیانوكوردستانی ئەنفالكراویان لەبیرچوو, هیوادارم شەوانی شیراتۆنوداوەتی ئەزمر پالاس, ئەم نامەیەتان لەبیرنەباتەوەوتەنیا جارێك دەرفەت بەخۆتان بدەن تا بەدیقەتەوە بەنێو دێڕەكانیدا گوزەربكەنولە ووشەكانی رابمێنن. ئێوە پرسی كچەئەنفالكراوەكانی ئێمەتان لەبیرنەبوو, بەڵام ئێمە ئێوەمان لەبیرناچێت, روناكبیرەكانی كورد, لەروویان نەهات باسی ئەوئامانەتییەتان لەگەڵدا بكەن نەبادا دڵتان برەنجێ, بەڵام من لە ڕوومدێتوبەشەرمی نازانم كەداوای چارەنوسی هەژدەمرۆڤی فرۆشراوتان لێبكەم تا ئێوەش هەوڵبدەن, هەژدە پاكیزەی گەرمیانی دیلوبێسەروشوێن لەوڵاتی خۆتان بدۆزنەوە, تكایە كە سۆراخێكیان بوو نمەك حەرام مەبن, ئەومرۆڤە زوڵم لێكراوانەببەنە لای خۆتانودڵیانبدەنەوەو میوانداریان بكەن, تائەو رۆژەی (لەو قیامەتەوە رۆحیانەتی مام هەسەنی باوكی شلێرومێردی حەسیبەی فرۆشراوهەمەی سمایلیگوندی وارانیوشیخ حسینی هەزاركانیوعەبدولای خەرابەییوروحیانەتی ئەوانەی سەگە رەشەكەی بیابان خواردنی, هەروەها لەم دونیاشەوە میمكە پەسەندوپورە ئەستیومیمكە كافەو مامۆستایوسفی گەرمیانوهاوڕێ مەحمودو مامۆستانەجیب گەرمیانی) بەپیریانەوەدێنودەگەنە شەرەم ئەلشیخ, ئەوسا پێكەوە بەڕێیان بكەنەوە بۆكوردستان. ئەفسوس ..ئێوە

تەنها بەدیاریی دەستی بەرپرسەکانەوە رۆیشتنەوە ئەم نامەیەی منتان بیرچوو, راسپاردە ژنەگەرمیانیەکانتان نەبرد, تەنها وێنەودیاریتان بردەوە.. ئەفسوس روناکبیرەکانی میسرودنیای عەرەبی ئەفسوس.